www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23-1-2006 19:27

# ڕۆتیناتی بیرۆکراتی ئیداری بەربەست لە ڕێگەی پێشکەوتن ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلالی



وا بزانم لەو ڕۆژەوەی کە ئەو وولاتە بەر لە هەشتا ساڵ زیاتر دروست کراوەو و ناوی لێنراوە عێراق تاکوو ئێستا لە ڕووی ڕۆتینی ئیداریەوە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بەخۆیەوە نە دیوە و ئەو سیستەمە ئیداریەی کە تاکو ئێستا کاری پێدەکرێت هەمان ئەو سیستەمەیە کە لە زەمانی پاشایەتی پێکراوە کاری لەوانیە هەندێک گۆڕانکاری سادەی تێدا کرابێت بەڵام هیچی لە واقیعەکە نەگۆڕیوە. سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی لە دەوڵەت ئەگەر بیرۆکراتیەتی تێکەوت ئەوا بازنەی زیادی تێدەکەوێت کە واشی لێهات کارەکانی دەوڵەت هەم بە سستی و هەم بە زیانێکی ئابووری زۆرەوە تەواو دەبن سەرەڕای ئەوانەش دەبنە هۆی بێزارکردن و وەڕسکردنی هاوڵاتی کە مەسەلە سەرەکیەکەیە چونکە هەموو شتێکی دەوڵەت لە پێناو تاکەکانی کۆمەڵن. بە سستی بەڕێوە چوونی کاروباری ئیداری واتە بە فیڕۆ چوونی کات. کاتیش لە دونیای ئەمڕۆ زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ بیست ساڵ لەمەوبەر. هۆکارە کانی پێشکەوتنی وەکوو کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن کاتێک کە گۆڕانێکی بنە ڕەتی بۆ کرا چوونکە دەکرێت بە یەک بەرنامە ی ئۆفیسی تایبەت کاروباری دائیرەیەک بە تەواوی بەڕێوە ببردرێت ئەگەر مانگانە جەندان هەزار (مراجع) پشیان هەبێت!! بەڵام دەورێکی ئەوتۆیان نابێت ئەگەرسیستەمەکە لە بنەڕەتدا پێشنەخستریێ هەروەها لەسەر ئاستی (استیماری) وەوە هیچ کۆمپانیایەکی بیانی ئامادە نیە بچێتە وڵاتێک لەوێ سەرمایەکەی خۆی بخاتە گەڕ کە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە ئاڵۆزیەکی زۆری تێدا بێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەگەڵ ئاڵۆزی ژیان و پێشکەوتووی ئێرە (ئەوروپا) هەوڵدراوەو بەردەوام ڕۆژ دوای ڕۆژ بازنە زیادەکان وەلادەنێن. لەسەر ئاستی تاک ئەگەر یەکێک کارێکی ئیداری هەبوو هەمووی لە لای یەک یان دوو کارمەند بە لایەنی زۆرەوە جێبەجێ دەبێت چونکە دام ودەزگای دەوڵەت بە هەموو لک و پۆپەکانیەوە لەسەر بناخەی یەک (وحدە) یەکە ی ئیداری سەیردەکرێت و هەموویان

پەیوەستن بە یەکەوە لە زۆر ڕووی یاسایی و هۆکارەکانی گەیاندنی زانیاری سەرەڕای ئەمە بانکی زانیاری (بنک المعلومات) هەیە کە بۆ هەموو بوارێک و هەموو دائیرەیەک کەڵکی لێوەردەگیرێت. بەڵام لە لای ئێمە لە (عەریزە نووس!) وەوە دەست پێدەکات بۆ هەموو ژوورەکانی ئەو دائیرەیە تا بە ئیمزای بەڕێبەرێک کۆتایی دێت کە هیچ دەورێکی نە لە چاکسازی و نە لە پێشخستنی ئەو دائیرەیە نیە!! لەوانەیە زۆر جار ناوەرۆکی ئەو نوسراوەش نەخوێنێتەوە کە ئیمزای لەسەردەکات! باوەڕیش ناکەم کە بەڕێوەبەرێک هەبێت توانای دانانی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری هەبێت یان شارەزایی لەو بەرنامانە هەبێت تاکوو بتوانێ پێشنیار بکات بۆ پێشخستنی ئەو دائیرەی کە لێی بەرپرسیارە!!، دە کەواتە من وەکوو هاوڵاتیەک کە چەند ڕۆژێک چاوەڕێی جە نابی بەڕێوەبەر دەکەم بۆم نیە بپرسم و بڵێم کە ئەو جۆرە بەڕێوەبەرانە بازنەی زیادن!؟؟ هەر کارمەندێک لە وەزیرەوە تابەڕێوەبەری بچووکترین بازنەی ئیداری ئەگەر خۆی خاوەن ئیبداع و بیری نوێ نەبێت ناتوانێت هیچ شتێکی باش و نوێ ئەنجام بدات و ئیش و کارەکان هەروەکوو چۆن دەیان

ساڵ پێش ئێستاش ڕۆیشتوون ئێستاش هەر دەڕۆن بەڵام هەر بەو شێوە هێواش و پاشکەوتوویەی کە لەسەرەوە باسم کرد! ئاشکراشە لە هیچ کات و زەمانێک نەبوە دائیرەیەکی وەکوو شارەوانی یان پەروەردە لە کار وەستا بێت! بۆیە گۆڕینی کەسێک لە (س) بۆ (ێ) و لە کابینەیەکەوە بۆ یەکێکی تر یان لە ئەندامی پارتێکەوە بۆ پارتێکی تر ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت هیچ لە زەمینەی راستی (الواقع) ناگۆڕێت. . . بۆ ئەمڕۆ ی هەرێمی کوردستان ئەوە بەس نیە کە بە هەمان ڕێچکە و هەمان شێوازی کۆن بڕوین و پەیڕەوی بکەین چونکە ئەوە مایەی دواکەوتنە و لەگەڵ ئامانجەکانمان یەکناگرنەوە. . نموونەیەکی ساکار دەهێنمەوە چونکە ناکرێت هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە لە نووسینێکی سەر پێی ی بێتە باس کردن کە لەوانەیە ببنە هۆی وەڕسکردنی خوێنەریش.
نموونە یەکی ساکار:
ئەگەر کەسێک مەکینەکانی کارگەیەک لە دەرەوە بکڕێت و بیەوێ لە کوردستان دایبمەزرێنێت (پێویستە هان بدرێت و هاوکاری و ئاسانکاری بۆ بکرێت) کەچی لای کاتب عەدل و وەزارەتی پیشەسازی و باجی داهاتەوە (چریبە الدخل) سێ پشکنین واتە (کشف) ی هاوشێوە بەهەموو بینەو بەردەوە لەسەر دەسەپێنن و هیچ یەکێکیان دان بە کەشفی ئەوی تر نانێت!!!! جا بییر کەنەوە ئەو پرۆسێسانە چ کات و پارەو (معاملە) یەکی وە ڕسکەری پێویستە کە لە واقیعدا یەک کەشف کە دائیرەیەکی دەوڵەت ئەنجامی دابێت دەبێت لە لای هەموان بە فەرمی دانی پێدابنرێت و کاری لەسەر بکرێت لە کۆتاییدا دەڵیم. ڕۆتینی ئاڵۆزکەر وەکو ڤایرۆسی ناو کۆمپیوتەر وایە چارەی نەکرێت ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو کۆمپیوتەرە سست و بێ هێز دەکات تا لە ئەنجامدا بەتەواوی لەکار دەکەوێت.